له یادی 26 ساڵەی داستانی قوڕەبەرازە دا



ئەوان تەنها 24 پێشمەرگەبوون، کەچوون

بەگژ فاشستترین لەشکری سەردەمدا.

16.08.1978 کۆیە "قوڕەبەرازە"

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی نەبەردییتان

پۆڵا سەعید

# ئەو ئەسپەی بە گەوەی شاخی مێژوودا هەڵئەژنێ

هەتا چاوبڕبکات
پانتاییی دەشتی ئەوینی تۆ فراوانە
بەدەم فڕینی مەلی حەزتەوە
هەتا بێ بە کلی خۆشەویستیی تۆ ڕەش ئەبن
ئەم چاوانە،
ئەی کۆیە:

ئەی شارەکەی بەقا لە زەردەپەڕ دا
ئەی نەغمەی ئاوازێکی دڵفڕێن
لە هۆرەی سێوە و
لەرەی دەنگێکی زوڵاڵ
لە بەستەیەکی خارەتایەر دا،
بە سەوزەڵانی ڕەز و باختەوە
کانیاوێکی بەهەشتییت
فریشتەکان لە چاوی هەڵقووڵانت ئەخۆنەوە،
بە باڕشتی دەم ئێوارانتەوە
تاڤگەی هەوارێکی سازگاریت
ئاشقان بەختی خەج و زینت تیا دەگرنەوە،
تۆ چوار وەرزە خواوەندی جوانیی سروشتیت و
بە بزەی ئاڵی کیژانت ڕازاویتەوە،
لە خۆزگەی هەموو گزنگێکیشدا
دەمی خونچەی ئەشقێکی کوردستانییت و
بۆ بەهاری ساڵ کراویتەوە،
*
دەهەستە کۆیەم
دەهەستەوە
تۆ نەبوویتە ئاخوڕ و ئالیکی بەردەم
تورکی قەل و داڵی نێو دەغڵی وڵاتم
گرێ کوێرەی بەختی خۆتت نەدایە
دەست فێستەکانی بابی عالیی ئەستەنبوڵ
تا بە نازی کورسیی و لیرە بۆت بکەنەوە،
لە تەپوتۆزی گلانی ئەسپەکەی یارەم دا
نەبوویتە فاقە و داوی دەستی سوڵتان نەجیب و
بۆ شیرینیی دەمی ڕەقیب فەقیانەکەی دەستی یارەت
بۆ سڕینی پۆستاڵەکانی پێیان شل نەکردەوە،
ئەی کۆیە:
ئەی شارە کوردستانییەکەم
دەست و پەنجە ڕەنگینەکەی حاجییم و
هەناسەخنکێنراوەکەم بە دووکەڵی بارووتی سوڵتان و ئەفلەقییەکان،
دەهەستەوە وەک ڕووبارێکی بەپێڵ
وەک حیلە و بازی ئەسپەکەی یارەم
یاخیی بەرەوە لە خەزنەی زێڕی ڕەقیب و

له ڕەشماڵی پڕ لیرەی سوڵتانەکان،
دەخیلتم کۆیە نەکەی
هێلکە و گەرای کەمالییەکان
له سنگی قڵیشاوی ئەم کێڵگە بە خوێن ئاودراوەی
"هاموون و حەمامۆک"دا نەچێنی
هەر لە خۆتا پیشبخۆرەوە
تا ئەبیتە لەرەی ژێی هاوارێکی "عەبدەخەوە"
بە ڕووی ڕەشی تورک و والیی و سوڵتانەکانیاندا بقیژێنە و بڵێ:
بۆ دەرەوە
ئەی تورکمانی کرێگرتەی کەمتیارەکانی دوای کارەساتی جەنگ
ئەی ئابڕوویەکی تکاو
ئەی تنۆکی شەرمەزارییەکی بەدوای گالیسکەی مێژووەوە ڕاکێشراو،
بەرۆکی بەخاوەنبوونی زەویی و زاری ئەم خاکە و کۆیەم بەربدە
ئەمە ڕووباری کۆیەی بەخوێنی شەهیدان
هاژەسووربووە
گوێتان لە هاوار و ناڵەی نییە؟
هاژە بوونی پشتی بریندار و شیینهەڵگەڕاوی
تفەنگێکی نەبەردە
پەنجەی هەڕەشە هەڵئەبڕێت و ئەڵێ:
بۆ دەرەوە
ئەی بێگانە
بۆ دەرەوە
کوردستان دایکی بە قژ هەڵواسراوی شەهیدانمە و
بەس بەتەنها موڵکی کوردە،
*
دەخیلتم کۆیە نەکەی
ئەمجارەش بۆ قەل و داڵی بەئۆکی ئەستەنبوڵ
باواجییم نەکەیتە مۆڵگەی نەجیب پاشایەکی دی و
بۆ ئەتکی لاپەڕەیەکی تری مێژووم
لە تەنیشت تۆپخانەی ئەفلەقییەکانەوە
کڵاو و جامانەیەکی ڕەنگیین
لە سەری ئەسپسوارێکی کوردم نەکەی،
با ئەمجارەش لە ئەسکی کۆیەوە
سەری بڵندی گۆیژە و ئەزمەڕم نەبڕن
با حیلەو بازی ئەسپەکەی یارەم هەر بە پیرەمەگروونەوە بمێنێ

با دەربەندم هەر یاخیی بێ و
گردی گوڵانم بۆ تانەی چاوی دوژمن وەکوو چرا
بە ڕووی ڕەشی کەمالییەکاندا هەڵبکرێ،
با ئەمجارەش یارەیەکی دیم
بە زیندوویێتیی سەرنەبڕن
با کۆڵانەکانی مەلکەندیی و شێخ هەباس جارێکی تر
خنکاوی گریانێکی تری تازەی یارەم نەبن
با یارەم لە شیرینیی خەوێکی قوورسیدا ڕانەچڵەکێ
با فرمێسکێکی قەتیسماوی چاوانی
بۆ هەڵوێستی ئەم گەلەم
هەر لە جێگەی خۆی بمێنێ،
*

دەهەستە کۆیەم
دەهەستەوە
ئاورێ لە کۆڵانە تەنگەبەرەکانی مێژووی خۆت بەرەوە
تۆ نامری
تۆ چریکەی هەڵۆیەکی سرکی
بە داو و تەپکەی خەزنەی ئەفلەقیییەکان و
بە ڕەشماڵی پڕ لیرەی تورک ناگیرێیی،
تۆ ڕووبارێکی درێژی خوێنی شەهیدانت پێدا تێدەپەڕێ
تۆ هەڵوێستی حاجیی لە هەڵهێنانەوەی زمان و گفتووگۆتدایە
بە هەڵەمووتی باواجییتەوە هەموو ڕۆژێ
لە شەقەی باڵی هەڵۆیەکی یاخیی تازە ئەدرێ،
تۆ جڵەوی ئەسپێکی کێویی و سەرشێتیت
بە گەوەی شاخی مێژوودا هەڵئەزنێیت و
بە حیلەی سوورت
گوێی بە خەزنە پەستراوی میری سەردەم ئەزرنگێنیتەوە،
هەرچی سەردێڕی سەروەریی لاپەڕەکانی خۆتە
بە گالیسکەی هەڵوێستی کۆیەتەوە بەستووە
جاڕنامەی بەسیەتی مەلەی نێو حەوزی خۆفرۆشیی
وەک ئالایەک بە شانتەوە سەما ئەکا و
مەشخەڵی هەق ئەسەنرێت نادرێت هەڵگرتووە،
ژیلەمۆی ئاگرێکی بە خوێن خۆشکراویت
دانامرکێیت
بۆیە هەموو کات و سەردەمێک

به تڵەتڵەوە خۆت ئەکەیت بەنێو گۆمی مەنگ و ساردی ویژدانماندا
لە وێشدا
قۆڵ و مەچەکی خوێناویی خۆت ئەبڕیت و
نەورۆزێکی بەهاری ساڵ ئەکەیتەوە،
*
ئەمە کۆچی بووکەسوورەی وڵاتە
سروەی سەمای ناوڕەزان* لە جریوەیان بکەنەوە
بیکەنە تیلەی هەڵهێنانەوەی چاوی یادێک
لە نیگای کاروانسەرای شەهیداندا
جریوەکان دەست لەناودەست بازنەیی کۆدەبنەوە
ئەبنە ئاوازی گۆرانییەکی ئەرخەوانیی و
پاشان ئەفڕن
بەسەر لووتکەی هەیبەت سوڵتانەوە خول ئەخۆن و
لە دەریای جریوەی یەکتردا مەلەدەکەن
تا ئەبنە پەڵەی هەورێکی سپیی نەرم
ئەوسا ڕووەو سلێمانیی باڵدەگرن،
کە پەڵەم گەیشتە شار بەسەر ڕووخساری زەردی شێخ هەباسەوە
ڕائەوەستێ
بۆ تاوێ دادەکا و
بارانێکی نەرم بەسەر جێنزرگەی دوا وەسێتی یارەمدا ئەبارێنێ،
باران لەگەڵ خاک و خۆڵی شێخ هەباس دا
برائاسا دەست لە گەردن دەبن
مەڵکەندییم بۆن و بەرامەی ئەسکی کۆیە دەگرێ
جریوەکان بەهار دێنن
بە کەلێنی گۆیژە و ئەزمەڕەوە گوڵ ئەڕوێنن،
سەدان گوڵاڵەسوورە
لە جێگەپێی ئاسەواری یارەمدا
ئەنەخشێنن،
ئێوە ڕەوتی گوڵاڵەسوورەتان دیووە؟
ئێوە ڕێپێوانی سەدان هەناسەی سووری جەرگ سووتاوتان دیووە؟
لە ڕووباری کۆیەم بپرسن:
ئایا ئەم گەشتە، ڕەوی سەدان بووکەسوورەی سەربڕاو و
فرمێسکی زەرد و وەریووی سەدان لق و پۆی پەلکەچنارە
یان قیژەی کۆیە و ئاواتە کووژراوەکانی نێو دری جەعفەر و شهریارە؟
لێی بپرسن:

چۆن هاژە ئەبێتە شەپۆل و
شەپۆل بە جریوە و
جریوە بە هەور و
هەور بە باران و
باران بە گوڵاڵەسوورە،
*
هەنووکە بە بۆی گەردنی گردی گوڵان
مەلێکی بەرزەفڕی پشت هەورەکانم
لە هێڵی گەشتی خۆم ئەگەڕێم نایدۆزمەوە
ناونیشانی بوونی خۆم وڵات بە وڵات و
کیشوەر بە کیشوەر بە سنگمەوە ئەگێڕم
نامخوێننەوە،
سەمفۆنیای مەرگی هەڵەبجە و
هاوار و نوزەی نێو چاڵەکانی عەر عەر و
تەنینیی خەمەکانی نوگرەسەلمان
بە ژێی فرمێسکی کوردبوونم لێ ئەدەم
نایانەوێ بمناسنەوە،
لێرە لەم تروسکەی ئاسمانەدا خواش نابینم
دڵۆپێ فرمێسکی سەرکوڵمی خوێناوییم بۆ بسڕێتەوە،
ئەی دوژمنانی خۆرەتاو
ئەوەمنم
هەر دێــــــــــــــــــــــــم و دێــــــــــــــــــــــــــــــم
خاکێک بە دەفەی شان و
سەربڕبڕەکانی پشتمەوەیە
سەدان ساڵە ئەیگێڕم و
بە پشتی کوڕەوەبووی لاپەڕەکانی مێژووم دا هەڵئەگەڕێم
دەپێم ناڵێن:
ئەی گوێی کەڕی دونیا و
ئەی هیتلەرییەکانی جیهانی مافی مرۆڤ و
ئەی خوای کوێر و کەڕ و لاڵ
ئەم کوردستانە خوێن لەبەررۆیشتووە
ئەم کێڵگەی مەرگ و لەسێدارەدان و هەڵەبجە و ئەنفالە
لەکوێ دانێم؟!
*
منی ماندوو شەکەت شەکەت

له ئێوارەیەکی وەک چاوی کێڵگەیەکی تینوودا
بەناوڕەزان* دا دەهاتم
دەیان شەوبۆ و گوڵە لاولاو و چاوە پشیلە
لە ئەڵقەی میوانداریێتیی خۆیان گرتم
چ گوڵ و گوڵزار و
چ سەوزەڵانی تەمەنێکە و
چ خوای جوانیی سروشتێک و
چ کۆیەیەکی بوونی بەختم،
بە تارییکیی هەرئەوکاتەی مانـــــــــــــــــگ
ڕووی ئاڵووالّی خۆی لە زەویی نزییک ئەکاتەوە
هێـــــــــــدی هێـــــــــــدی بە نەرمەپـــێ
ڕێی دیدەنی کانیلە* ئەگرمەبەر
کە دەگەمە نێو دەمی دەرگای ماڵی
باوەشم بۆ ئەکاتەوە
بە نازەوە
یەک دوو ماچی ئەملاو ئەولام ئەکات و
ڕووخساری تێک ئاڵاوی خەماوییم
چەند جارێک بە یەک دوو شڵپ ئەشواتەوە،
من لەسەرلا وەک ئەوەی لای ئەزییزێکی خۆم بم
دڵنییا و بێ غەم ڕائەکشێم
ئەڵێ: تەماشابکە
ئێستا نا کەمێکی دی دڵدارەکەم دێ
ئەم ڕووناکییەی تۆ دەیبینی
هەموو مۆمی چاوی ئەون
بۆ ژووانی ئەمشەو داگیرساون
ئەوە ئێستا لە ئاوێنەی ڕووخساری مندا
سەروقژی شانە دەکا،
هێندەنابات دەبینم مانــــــگ بە شێنەیی دادەبەزێ
جارێ بە نەرمەماچ لە نزییکەوە
دیدەنی کانیلە و ئەوییني سازگاری دەکا
کە دەگەنە بەرهەیوانی سوێی یەکدی
دەم لەنێو دەمی یەک دەکەن و
لە حەزی یەکدیدا بەسەر باڵای ئەسکی کۆیەدا
وەکوو مۆم ئەتوێنەوە،
مانگ بە سۆزی چاو

نیگای ڕاکشانی من دەکات
هێمن هێمن خۆی دائەکەنێ و
جلەکانی وەک ئامانەت
فڕێ ئەداتە تەکمەوە،
کانیلە هەناسەی سەوزی دڵداریکە و
لە چاوەڕوانی پەریخان دا
لەسەر گازی پشت پاڵی داوەتەوە،
مانگ بە گوڵی ناز پێ ئەنێتە نێو کانیلەوە و
دەستەکانی وەک حەلوای سۆز بە مەمکەکانییەوە گرتووە و
هێـــــــــــدی هێـــــــــــدی لە باوەشی فەرهادی ئەشقیدا ڕائەکشێ،
ماچێک و دووان، شنەی "با"ی نەرمە سەری‌پەنجەیەک
سەرگۆی مەمکەکانی مانگ ئەگووشێ،
مانگ گەزۆ لە زاری ئەبارێت و
چرپە چرپە بە کانیلە دەڵێ:
سبەینێ لە زەماوەندی بووکێنییم دا
ڕانکوچۆغە خۆڵاوییەکەی "جەعفەر" لەبەربکە
لە ناوەندی ناوڕەزان دا قنج بووەستە و
کڵاو و مشکییە ڕەشەکەی "شێخ عوبەیدەڵڵا"ش ببەستە
چاوەڕێمبکە هەتا دێم
لە بری من  ئەرخەوانی بەژنی کۆیەم
بە چریکەی سەربڕاوی "قوباد" گوڵپرژێن بکە،
من پۆشتەبوو ئەبم
لە سروودی "وا وەتەن"ەکەی پۆلەکانی "حاجیی قادر"دا
سەرودەستماڵێکی گوڵنک گوڵنکیی بە پەڵەخوێنی مەیووی "دڵزار" و
بۆ ئاڵووالیی دەستێ جلکی کوردیی بە خوێن گوڵ گوڵیی بووکانەم ئەسەنم،
لە تەنگەبەرییەکانی "بایزئاغا"دا
ملوانکەی بە گڕەی تۆپزاوا سووتا و
بە هاواری خنکێنراوی نوگرەسەلمان ئەهۆنمەوە
لە "قورەبەرازە" نقێمێکی ئەرخەوانیی بۆ ئەکەم و
وەک گەردنلغ ئەیکەمە ملم،
من فرمێسک چاوەکانی بە خۆشیی ئەم دیدارە تەڕ کردبووم
سەری خولیام وشەکانی نێو دیوانی بەیتی کۆیەی ناسکتر کردبووم،
هێندەی نەبرد ددانی ژەهراویی تۆپی ئەژدەهاکەی بەغداد
چەقییە سەردڵی کانیلەم
مانـــــــــــــــــــگ شڵـــــــــــــــــــــەژا

مانـــــــــــــــــــــــــــگ واقی ورمـــــــــــــــــــــا
مانـــــــــــــــــــــــــــگ شێتگیر بـــــــــــــــــــوو
مانـــــــــــــــــــــــــــگ بە پەلە خۆی لەبەرکـــــــــــــرد
بەسەر سنگی خوێناویی کانیـــــــــــــلەوە شیینی ئەکـــــــــــــرد
لێی نەئەبۆوە وەکوو ســـــــــــــــــــــــــــــــــــــاوا
بە باوەشی ونجڕ ونجڕکراوییەوە نووســـــــــــــــــــــــــا بوو
هێندەم بۆ کرا مانگ لەسەر سنگی خوێناویی کانیلە دووربخەمەوە
مانگی گریاو بەرەو ئاسمان بەرزبکەمەوە،
ماڵئاواییی لە مانگی دەستگیران کوژراو
لە کورەی داگیرساوی کۆیەدا
بە پشکۆی ئەم سوێیە بنووسمەوە،
مانـــــــــــــــــــــــگ ئەیقیژاند
لە پشت سەری هەورەکانەوە شیینی ئەکرد
هاواری ئەکرد و ئەیگووت:
ئەمە بۆ جاری یەکەم نییە
لە ئارایشتکردنی خۆمدا
بە بەرچاوی خۆمەوە زاوام سەر نەببڕیٚ،
ئەمە بۆ جاری یەکەم نییە
لە باوەشما لە شەوێکی خامۆشی ئەم خاکەمدا
کوردستانم لە خاچ نەدریٚ،
ئەمە لیکی زاری کۆپتەری یەکانەکانی بەعسە
بەرەو لووتکەی چەپەڵیی و نامەردیی ئەفلەقیییەکان ئەفڕیٚ،
لەویٚ لە چاوی سووربووی هەوری کۆیەدا
پەڕەی دڕاو و ژاکاوی گوڵ ئەستێرەی ئەم خاکە
نیگای ئاسکی گەردن بە خاڵ و
بارژن سەوزی دەست و پیٚ شکاو
بە پاڵێک و پیٚ لەقەیەکی بەبەرییانە
بۆ باوەشی ئەم دایکی نیشتیمانە
سەربەرەوخوار فڕیٚ ئەدریٚ،
*
ئەی مانگی کۆستکەوتووی ئەم گەلەم
بە قووتەی شاخی ئەم خەمەوە
تۆ قووتیلکەی گوێسوانەو بانی ماڵ بە ماڵی
چاو و برژانگ تەڕی
شەوی شاری،

ئەی خەمی گریاوی گیانیی گیانیی پێدەشتم
تۆ ئێواران چرای خولیای ئەم پەلکانە* سەرکەشەیت و
بەسەر ئاسمانی پرسەی ئێمەدا دائەگیرسێی،
لەگەڵ گمەی کۆترەکەی سەربنارەی ئەم شیعرەدا
قۆڵ ئەکەن بە قۆڵی یەکدیدا و
لە گێژەنگی سووری ئەم هەوری سوێیەدا
بۆ دوو گوڵاڵە سوورەی وەرز و
بۆ دوو جوانووی تەوێڵ سووری کۆیە
بۆ هاواری دیدەنی مەرگی "عەبدوڵڵا و حەکیمم"
بۆ تەقلەی سەربەرەوخوار و
مرکەسووری دوو بەوری پەلکانەم چاو ئەگێڕی،
ئەی عەبدوڵڵا و حەکیمی هاوار بە ئاسمانەوە خنکێنراو
ئەی پەڕەسێلکەکانی هەناوی کۆیە و
نەڕەی شێرەکانی دارستانی ئەم مێژووەم
دامەمرکێن دەست بە باڵی هەوری نەبەردییتانەوە بگرن
بە لووتکەی پرسەی پەلکانەوە باوەشتان بۆ ئەگرینەوە
هێدی هێدی وەرنەخوار
خۆتان بە باوەشی ڕووباری خوێنی ئەم خاکەدا بدەن
لە تەپەی پێدادانی جەستەی سپیی و بێ تاوانتاندا
بۆ سەرزەویی حەسرەت و چاوەڕوانیی ئێمە
لە بروسکە باڵ و لە خۆر چرای ڕووناککەرەوەی ڕێی کاروانتان
بۆ فڕیینی پەپوولەی گیانتان
لە جەستەی تێکشکاوتان ئەکەینەوە،
ئێوە نامرن
لە پاڵ و پێ لەقەی فڕێدانی ئەفلەقییەکان بڵندترن
ئێوە دوو ئەستێرەی هاوار خنکاوی
ئاسمانی سەروەریی ئەم خاکە و
چریکەی هەڵۆیەکی دەشتیین:
لە قوڕەبەرازە سەرچۆپییەکە لە دەستی "شەفیق" وەرئەگرن
لە دەستی تفەنگ بەدەستەوە فڕێنەدراوی "ئاودێر"دا
سنەییی سێ پێیی هەڵئەپەڕن،
زەماوەندی شەهید لەگەڵ بیست و یەک جوانووی تری کۆیەمدا
گەرم دەکەن
هۆبە بە هۆبە و شاخ بە شاخ
دەست و قاچ و سەر و کەللەی خۆتان و

بیست و یەک چناری ئەسکی کۆیە
لەگەڵ خۆتاندا ئەگێڕن،
دەسا کۆیەم لە باوەشی ئەژنۆی شکاوی ئەم ڕۆژەتدا
تۆ تڵەتڵی ئەم نەورۆزی خەباتەیت و
بەسەر لووتکەی لاپەڕەکانی مێژووتەوە
وەکوو چرای چاوەکانی مهابادم دائەگیرسێی
لەکوێ زەماوەندی گرمەی تۆپی تۆڵە و
شایی هەق بێ
تۆ لەوێـــــــــــــــــــــــــــــــــی،
*

گوێ ڕادێرن ئێستا لەگەڵ لورەی ڕەشەباکەی "قشرەی کۆیە" و
تفەنگەکانی شانی "خالید"ما
"سامی ئەودالْ" دیوانێکی تووڕەیە و
وشەکانی چەکووشی سەردەزگاکەی بەردەمیەتی و
لەبری دەرگا و پەنجەرە
سەر و کەللەی دوژمنانی خۆر ئەکووتێتەوە،
لە دەرکەلانی شیعرێکییەوە قەڵایەک دەردەپەڕێ و دەڵێ:
لێم مەپرسن بۆ چاوی کانیی ئەم بریسکەی فرمێسکانەم
ئەرخەوانیی و سوور ئەچنەوە!
مەپرسن چلۆن چۆنی حەمامۆکم* بووەتە
پرچە خۆڵاویی و تێکئالاوەکەی "شوکری" نێرگزەجاڕی
ئەم هاواری ئازادییەیە و
ڕەش پۆشیی و هاوار و نووزە درێژەکەی "ئایشەگرووکە"
کە لە قوڵفەی گرێدانی غەمی یەکدیدا سوور ئەچنەوە،
مەپرسن چۆن هەنسکیان بۆتە پەتی سێدارە و
بە گەردنی بکووژی ئەم خۆری ئاشتییەی وڵاتم و
ملی ئەستوور و پانی یەکانەکانی تکریت دا شۆڕبەرەوخوار بوونەتەوە،
*

دەئەی کۆیەم ئێستا هەموو پێکڕا وەرن
لە حەشارگەی تفەنگەکانی "بلەعەسکەریی"
جڵەوێ وەربگرن،
لە "سەرباز عەبدول ڕەزاق و مەلا لوقمان"
گوڵەوەچنێکی بەقا بۆن بکەن،
لە بەرز و بڵندیی خامەکەی مەلای گەورەدا
یەک لە دووی یەک سلاوێ بکەن،

له باخی گوڵانی "ئیبراهیم شێروانیی و ڕەفیق ئەفەندیی و دلاوەر"دا
نەمامی بەژن بارییک و ڕێکی درێژەدان بە خەبات ئاودەن،
له سەماکی بڵندترییین هەڵوێستدا
لهترووسکەی چاوی ئەشقی وەسێتی "جەعفەر"دا
لەتەک "خالید دلێر"ەوە ڕابووەستن،
"ئازادی حەمەگەمحان" و "ئازادی مەلاسەمیع"
قومری سەرلق و چڵەکانی ئەرخەوانی سەرکێڵی شەهیدن
له بەردەرگای هەموو ماڵێکی کۆیەدا
نەغمەیەکی خۆڵەمێشیی ئەچرن،
له دەم و لێوی وشکی تینووی لەیلانەوە
سەدان پاساریی ئاشقی کۆیە دێن
هەر یەکێکیان کووتێ گۆشتی "نەوزاد"یان پێیە و
لەبەردەم ماڵی باوکی دا
له نێودەمی تابووتێکی بە گوللەتۆپ شەقبردووی ئەکەن،
هێندە نابات بەژنێکی کەڵەگەت له جەمعییەوە*
بەدەم سەمفۆنیای خاکەوە دێ
شەقاوی له هەڵهێنانەوەی هەنگاوی بەوەزێکی زامدار ئەچێ
هێمن هێمن دێ
ئەم بەژنە "عومەر دەبابە"یە و
له پێش نوێژیی یادی "حەوت سەد و هەشت" شەهیدی کۆیەدا
ڕائەوەستـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــێ،

*

ئێستا لەم کاتەدا کۆرپەی بەرباوەشی دایکێکی کۆیەشم
بە پێوە لەنێوەندی شار دا ڕاوەستاوە
له گەورەییی ئەم یادەدا
یەک ڕوو ئەکاتە یەکدی و
بە یەکتر دەڵێن:
جارنامەی چی بەگوێی ئەم شارەدا
بانگ بدەین؟
له قورەبەرازەوە سێ هەڵۆی بەرزەفرم دێن
کە دیم: "کەریم" بە "محەممەد" و "عەباس" بە "شهریار" و
"خارەئەسوەد" بە هارمۆتا* دەڵێ:
ئەی تۆ له نوێژی پیرۆزی ئەم شارەدا چی ئەڵێیت؟
کۆیە هەموو سەرقاڵی بیرکردنەوەن
له پڕێکدا هەموو پێکڕا پێکەوە هاوار ئەکەن و ئەڵێن:

دەهەستە کۆیەم دەهەستەوە
ئاورێ لە کۆلانە تەنگەبەرەکانی
مێژووی خۆت بەرەوە
تۆ نامری
تۆ چریکەی هەڵۆیەکی سرکی
بە داو و تەپکەی خەزنەی ئەفلەقییەکان و
بە ڕەشماڵی لیرەی تورک
ناگیرێیی،
لەکوێ زەماوەندی گرمەی تۆپی تۆڵە و
شایی هەق بێ
تۆ لەوێی،
تۆ ئەو ئەسپەی بە گەوەی شاخی مێژوو دا هەڵئەزنێی،

20.02.02